# تۆ "ژیلا"ت کوشت!

**کەیهان عەزیز**

"وەرە سەر خەت ،ئۆقرەم لێبڕا،لەکوێیت،هەستەلەخەو؟"

-"چییە ژیلاکەم ، دووبارە عادەتە(دیپرێستی) چیبووە؟"

"نازانم(بەگریانەوە)،خۆمم بۆ کۆنترۆڵ ناکرێت،زۆر پەرێشانم وبێقەرارم.چەند ڕۆژە ئۆنلاینم بۆ نایەیت بەلامەوە وهەواڵمێکم ناپرسی، خەریکە دیق دەکەم."

-"تلیفۆنەکەم داخستەوەو ،بەسەروچاوی خەواڵووەوە کۆفییەکم دروستکرد وکامپیوتەرەکەم ڕۆشنکرد. پێمگوت:چیتە کچەجوانەکە،چەند ڕۆژێکە گرفتاربووم و نەمدەویست تۆی ناز وڕۆمانتیک ،لەساتە جوانەکانت بکەم.چیتە قسە بکە ؟"

"بێزارم،هەست بەتەنهاییەکی کوشندە دەکەم،ڕقم لەخۆ،لەمهەموو مرۆڤە ماسکدارانە دەبێتەوە،ئێمە بۆ وا پووچین،بۆ وا سەرتاپامان ماسک وپەچەیە."

-"چی بووە؟"

"چی ،چی بووە.شەش ساڵە هاتوومەتە ئەوروپا خوامنەماوە. ماڵەوە بوون بە پاسدار بەسەرمەوە و نایەڵن هەناسەیەک بدەم.دەمەوێت بەتەنها بژیم وژوورێکم هەبێت تابتوانم هەناسەیەک بدەم،بچم بۆ بارێک ،سەفەرێک بکەم ،دوو کۆنسێرت بچم و هاورێیەکم بێنمە ماڵەوە،نایەڵن. گەر بشهێڵن ،ئەوە بەمەرجێک خۆیانم لەگەڵدا بن! بڕوا دەکەیت، ئەوەتی لەئەورووپاین، بۆ دۆنەر کەباب و چەند ئاهەنگێکی کوردی نەبێت، تا ئێستاکە بۆ بارێک،مەلەکردنێک نەچووین! دەڵێن خۆ ئێمە ئەورووپییەکان نین،کەپارەکانیان بەم شتە قۆڕانە،بەفیڕۆ دەدەن!

خۆزگە بەکوردستان .هیچ نەبێت چاوەڕێی هیچ گۆڕانکارییەکم نەدەکرد و خۆمدەگونجاند. دەمزانی ئەوێ کەلاوەیەکەو دەبێت خۆم لەگەڵیدا بگونجێنم.جەنگەڵێکەو بۆم نیە پێشبینی بەدیهاتنی خەونەکانمی تیابکەم.دەمزانی کە دەبوا داستانی عاشقیم بەشاراوەیی وپڕلەدڵەڕاوکێ وترس ولەرزەوە بووایە،وەلی لێرە چی؟

لێرە بۆ،بۆ وا بژیم ؟.هەر هانگاوێک دەنێم دەڵێن :-وریابە،ئێمە خانەوادەیەکی ناسراوین ونابێت ئابڕووی خانەوادەکەمان بەرین! شەش ساڵ بەم شێوەیە لەتەمەنم بە گا چوو،چرکەیەکیشم بۆ ناگەڕێنرێتەوە(بەگریانەوە).دەڵێن:گەر تۆ بەتەنها زیندگی بکەیت ئەوا جگە لەوەی ئابڕووشمان دەچێت،کەسیش نایەتە داوات و بەبەرەڵا ناوت دەبەن!"

-"ژیلاگیان ،من خەتاکە تەنها لە واندا نابینمەوە.خەتاکە لەتۆوەیە. لەسەرەتای هاتنتەوە، دەبوایە بەتەنها بژیتایە،ئەوسا وات بەسەر نەدەهات."

"خەتای منی چی؟من کەهاتمە ئێرە 29 ساڵە بووم.زمانم نەدەزانی، دەبوایە لەگەڵ ئەواندا بوومایە!وامدەزانی تا زمان تەواودەکەم و دەچمە سەر کار ،ئەوجا ژوورێک دەگرم وبەتەنها دەژیم .نەمزانی ئەوان دەبنە زنجیرێک ولەگەردنم دەئاڵن. شەش ساڵە ئەمرۆ سبەی دەکەم. وامدەزانی چەند مانگێکە ویان شایەد یەک دوو ساڵ،ئیتر جیادەبمەوە.نەمزانی گیرۆدەیان دەبم ویەخەم بەرنادەن.

هەفتەی پێشوو،کاتێک باسی جیابوونەوەمکرد،برایەکم کەچەندین ساڵە لەئەورووپا دەژی،پێش هەموویان، وتی:-" نابێت جیابیتەوە، ئابڕوومان دەچێت!" وتم: بۆ نا؟ تەمەنم 35 ساڵەو چاکەو

خراپەی خۆمدەزانم و هەڵە وکارێک ناکەم ئێوە شەرمەزار بن .کەچی بەشەق وەڵامیان دامەوە! وادەزانن،من تووشی هەڵە دەبم!"

-"قسەی قۆڕ،هەڵەی چی؟وابزانم ئەوەی ئەوان بەهەڵەی دەزانن، تۆش بەهەڵەی دەزانی؟ کەی سێکس ودڵداری وبەتەنها ژیانکردن، هەڵەیە؟من ڕێگەچارەیەکی سادە وڕۆشنم پێیە بۆت،وەلێ دڵنیام بەقسەم ناکەیت،لەبەر ئەوە پێویست ناکات،باسیبکەم!چاکترە گوێت لێگرم بزانم خۆت چی دەڵێیت.چونکە کەس بەئەندازەی خۆت دەردەکانت نازانێت."

"دەردەکانم دیارن،شەش ساڵی ژیانم بەفیڕۆ چووە وئێستاش هیچ ئاسۆیەک نابینمەوە.ئەمانە لێمتێناگەن.ئەمانە بەمەنتالیتایتی کۆمەڵگای کوردەواری بیر دەکەنەوە وڕەفتار دەکەن،لەبەر ئەوە ناتوانن هیچ شتێک لەکەسانی دیکەوە فێر ببن. وەک زۆربەی خۆرهەڵاتییەکانی دیکەن.ئەمانیش کوردستانێکی بچووکیان لەماڵەکەیاندا دروستکردووە.سەتەلایتی کوردی،خواردنی کوردی،ئاهەنگی کوردی،هەڵپەڕکێی کوردی...من ناڵێم با ئەمانە نەبن وەلێ بانەزانین ئەوەی ئێمەی پێگۆشکراووین ،سەد دەر سەد ڕاست ودروستەو هی گەلانی دیکە وئەورووپیەکان هەڵەن.هەر دەمدەکەمەوە وباسی فیلمێک یان گۆرانیەکی غەربی کەبۆم سەرنجڕاکێش بێت،دەکەم،دەڵێن بێتامە!کەچی لەسەتەلایتەکاندا تازە خەریکی تەماشاکردنی زنجیرە(سری)سوواوە میسری وسوری وکوردیەکانن! دڵیشیان خۆشە لەئەورووپا دەژین!

من لێوڕێژبووم و بەپایانی خەت گەیشتووم.پێمنەماوە،زۆر پەرێشانم.تاکە ڕێگە چارەیەکیش ئەوەیە،هەروا بمێنمەوە تا کەرێک دێتە داوام و منیش لەپێناوی دەربازبوونمدا، ئۆکەی بدەمێ!"

-"جا ئەوە کەی چارەیە؟"

"دەی چیبکەم؟"

-"بڕۆ بەتەنها لەشارێکی تر بژی و،گوێیان پێمەدە!.چونکە ئەوانە بە من وتۆ ناگۆڕدرێن و تۆیش تاسەر ناتوانیت  خۆت بخەیتە سرکەوە! تا کەرێک بێتە داوات!"

"ئاخر ئەمەی تۆ دەیڵێیت،شتێکی نا مەنتقییە.کەسێک لەڕاستیەکانی ژیان ڕابکات،زمانحاڵی ژیانی خۆی نیە!

چاک بزانە،من بەپیرۆزی هیچ قورئانێک باوەڕ ناهێنم وهیچ شتێک لەلام ئایەتی نێردراو نییە.وەلی،ئەمکارە بۆم زۆر سەختەو گەر ئەنجامی بدەم، بۆ تاهەتایە, دەبێت بەنهێنی زیندگی بکەم وتەواوی خزم وکەسەکانم دەبنە دوژمن "

-"دەی چارە چییە؟"

"هیچ! چونکە ئێمە لەمنداڵیەوە ،تەنها فێری ئەرێ کراوین و ئیعتیاد (ئیدمان) مان لەسەر ئەرێ وبەلێ کردووە،ووشەی نەخێر ونابێت لە فەرهەنگماندا سڕاوەتەوە. چاوەڕێی  نەگبەتێک دەکەم تا دێتەداوام ومنیش وەک ئەو کۆمەڵگایە، چەند منالێکی سەقەت وکۆمپلێکسی دەخەمەوە"

-"ئاخر ئەوە کەی ئەقڵە؟

"بۆ نا؟مەگەر دایک وباوکانی ئێمە، هەموویان لەسەر ئەم بناغە سەقەتە خانەوادەیان دروست نەکرد؟ بەڕاستی تاوانبار بوون،کەلەم دنیا بێبەزەییەدا و بەو ئاستە کۆڵەوارەیانەوە،کۆمەڵێک گانیان کرد و ئێمەیان کردە قوربانی.بەوەشەوە وازمان لێناهێنن ودەیانەوێت ئایەندەمان وەک خۆیان ئالوودە بکەن.ئای کە پووچ و درۆزنن.کەئەورووپیەکان دەبینن،لەوان ئەورووپیترن! کەدێنەوە ماڵێ دەگەڕێنەوە بۆ ئەسڵە پریمیتیفەکەیان! بێزارم لێیان.لەئەتواریان، لەڕیاکاری وبیری سەقەتیان، ڕقم لێیان دەبێتەوە،ڕقم لەخۆشم دەبێتەوە کەقوربانی وبەرەنجامی گانی ئەم پریمیتیفانەم"

–"ژیلاگیان،من کێشەکان وا نابینمەوە. ئێمەش تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە بووین،وەلی بۆ وەک ئەوان دەرنەچووین؟ بێگومان تۆیش یەک دووکچی هاورێت هەن کە وەک خۆت بیر بکەنەوە وئەوانیش بێزارو نامۆن بەم کۆمەڵگایە،ئیتر بۆ هێڵێکی ڕاست وچەپ بەسەر هەمواندا دەهێنیت."

"واز بێنە،من وتۆو کچەکانی هاورێم وئەوانەی وەک ئێمەن، گرفتارن.باوەڕدەکەیت کچێکی هاورێم ،باوکی لەمەلەوانگە کاردەکات،کەچی نایەڵێت کچەکەی مەلە بکات! دەڵێت ئێمەکوردین،ناسیاوێک بمانبنێت ئابڕوومان دەچێت!کچێکی دیکەی هاورێم لەخەویدا، دایکی ببووە لێزبی،کەبۆی گێڕابووەوە ئەویش دەماو دەست پەرداخێکی لەسەردا شکاندبوو!"

–"ئای کەسەیرە، دەردەکانمان بۆوا بێدەرمانن . زۆرمان قسەکرد،باواز لەمانە بێنین ، ئەمشەو دەچم بۆ کافەی سلیمریک،ئەی تۆ چی دەکەیت؟"

"من چی بکەم،هیچ!ئەی تۆ بێزار نەبوویت ،وا هەمیشە بۆ ئەو بارە دەچیت.چیە دەتەوێت قەرەبووی کەمبوودەکانت بکەیتەوە،یان بەدوای خودی ونبووتدا دەگەڕێیت؟"

–" نە ژیلاگیان.من لەو ڕۆژەی هاتوومەتە ئێرە،خودی ونبووم دۆزیوەتەوە و ئیدی وێڵ نیم.وەلی سفێری کافەکەو کاراکتەری خاوەنەکەی بۆم سەرنجڕاکێشن.بەهەر حاڵ ،دەبێت بڕۆم،وەلی پێمچاک بوو سبەی،قسەیەک لەگەڵ ماڵەوەتان بکەم،بەڵکو بتوانم کاریان تێبکەم."

"نەیکەیت چاکترە.ڕازی نابن وقسەی خۆشت بەبا مەدە وەلێ گەر زۆر بەپێویستی دەزانیت،چانسی خۆت تاقیبکەوە.تەنها کاتێک کە من لەماڵ نەبم!"

## قسە لەگەڵ ماڵەوەیاندا

کاتژمێری 11بەیانی بوو،تەلەفۆنم بۆ دایکی ژیلا کرد.پاش هەواڵپرسی ڕێک چوومەسەر باسی ژیلا وپرسیم: ژیلا چۆنە،خەریکی چییە، باشە؟!"

–"زۆر باشە!کاردەکات وژیانێکی خۆشی هەیە ولەهیچی کەم نییە!"

–ئێخۆ ئەوەی کاربکات مەرجە ژیانێکی خۆشی هەبێت! من کاریش دەکەم ودیپرێستیشم،دڵیشم بەماڵ وماشێن وباق وبریقی زیندگی خۆش نییە،چونکە خەوەکانی من لەوانەی ئێوە جیاوازە!.ئێوە ئەوشتانە دڵخۆشتان دەکات وەلی ئەوەی من لەبیریدام ئاسوودەیی گیانییە! ئێوە هەرگیز بیرتان لەئاسوودەیی گیانی خۆتان وژیلا کردۆتەوە بەو واتایەی کە من باسی دەکەم؟"

–بۆنا. ئێمە ژیانێکی خۆشمان هەیە ولەهیچمان کەم نییە،ژیلاش لەچی کەم بێت؟ هەمیشە جلی بۆ ئوتووکراوە،هەرلەکار دێتەوە ،خواردنی ئامادەیە،لەفەزایەکی خانەوادەیی گەرمدایە وئاگامان لێیەتی، ئیدی خۆ هار نەبووە!بۆ ئاسوودە نەبێت! هەر ماوەیەکەو کوڕێکی باش دێتە داخوازی و،ئیدی ئەو گرفتەشمان چارەسەر دەبێت! بۆیەنیگەرانی ژیلا مەبە و ئەو خۆشترین ژیانی هەیە ولەهیچی کەم نییە! تۆ فریای خۆتبکەوەو خەمێکی خۆت بخۆ!کەتائێستاکەش لەگەڵ خۆتدا دەرگیریت و،نازانیت چیت لەخۆت و لەژیان دەوێت!!"

– باشە گەر وایە،بۆ ناهێڵن ژیلا بەتەنها زندگی بکات؟

– چۆن شتی وادەکەین و ژیلاش چۆن ئەو کاردەکات؟ .خوا ڕەحمیکرد کچت نەبوو،دەنا هەر زوو بەرەڵات دەکرد و دەبووە جندە! ئەوە بۆ یەکێکی وەکو تۆ کەوەک ئێمە بیرناکەیتەوە،ئاسانە! ئێمە خۆمان بەکەم نازانین ،بۆیە لەخۆمان نەگۆڕاوین و50ساڵیدیکەش لێرە زیندگی بکەین،شانازی دەکەین کەهەروا ماوینەتەوە! لەمە زیاتریش پێویست ناکات خۆت لەژیانی تایبەتی ئێمەدا هەڵقورتێنیت وجارێکی دیکەش نامەوێت نەبتبینم ونەگوێم لەدەنگت بێت!

دوو ڕۆژ پاش ئەوە،بابی ژیلا زەنگی بۆدام و وتی:ژیلا خۆیکۆشت! هیچ وپووچ تۆ بەرپرسیاریت، یەخەی تۆ دەگرم و وازت لێناهێنم.تۆ ژیلات خستەسەر کەڵکەڵەی بەتەنها ژیان کردن! فێری ئازادی وبەرەڵایی وخوێندنەوە ومەشروبخواردنەوەتکرد!کچەکەم وەک خۆمان بوو،تۆ وات لێکرد.من لەدادگا شکایەتم لەسەر تۆمارکردوویت کە تۆ ژیلات بەکوشتنداوە!

Den–bosch,
25–10–2005
k.aziz1@hotmail.com,
www.kayhanaziz.nl,
www.kayhanaziz.blogspot.com